


# کڕاکە.. جوانی و تراژیدیا

هاشم سەڕاج

(١ - ٢)

«ڕەزا عەلی پوور» هەمیشە بە ئەزموونی نوێ و ناوازە و جیاوازەوە ڕوو لە نێوەندی شیعری کوردی دەکات، چەند ساڵێک پێش ئێستا، بابەتێکم لە بارەی کتێبی شیعری «قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە»، نووسی و لە گۆڤاری ڕامان بڵاوبووەوە، کڕاکە ئەزموونێکی تری ڕەزا عەلی پوورە، پێم باشە بەرلەوەی لە ئەتمۆسفێری کڕاکە بدوێم، بنەمای دوو شەپۆلی نوێی شیعری بخەمەڕوو کە لە ئەدەبیاتی ئێراندا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان بینیوە، وەک ڕێچکەیەکی شیعریش تا ئێستا بە تایبەتی لەنێوەندی شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەن، ناکرێت بڵێم ڕەزا عەلی پوور کە ئاگاداری ئەدەبیاتی جیهانی و ڕەخنە و میتودی نوێی ڕەخنەیی و فیلم و دنیای سینەما و شێوەکارییە، لە هەمان کاتدا چەندان وتار و خوێندنەوەی بۆ ئەو بابەتانە کردووە، ئاگاداری ئەم دوو شەپۆلە شیعرییە نەبێت کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خودی زمان و وشە و کایەی زمانیدا هەیە، یان بە دیدێکی هایدگەری هەردوو ڕێچکەکە «زمان بە ماڵی بوون» دەزانن و شیعریش بە جۆرێک لەبیرکردنەوە و بوونی زمانی، ئێستا هەوڵ دەدەم هەندێ داتا و زانیاری لە بارەی هەردوو شەپۆل، یان ڕێچکە شیعرییە زمانی و هێماییینەکانی بخەمەڕوو کە لە نێوەندی شیعری فارسی، یان ئێراندا سەریان هەڵداوە:

١- شیعری حەجم، یان شیعری قەبارە، قەوارە، کە «بەڕۆژ ئاکرەیی» لە وەرگێڕانی کتێبی «حەفتاکێل»ی «یەدوڵڵا ڕوئیایی»دا و لە پاشبەندی بابەتێکدا کە دیمانەیەکە لەگەڵ یەدوڵڵا ڕوئیایی، بە شیعری بارستایی ناوی دەبات و مانیفێستی شیعری حەجم لەم دیمانەیەدا بۆ ساڵی ١٩٦٩ دەگەڕێتەوە کە یەدوڵڵا ڕوئیایی لەگەڵ چەند شاعیرێکی لەخۆی لاوتر بەیەکەوە بڵاوی دەکەنەوە، یەدوڵڵا سەرەتا بە شیعرەکانی «نیمایوشیج» کاریگەر دەبێت- نیما ناوی ڕاستەقینەی «عەلی ئەسفندیاری ١٨٩٥-١٩٦٠» لە شاری مازەندەرانی باکووری ئێران لە دایک بووە و بەڕابەری شیعری نوێی ئێرانی دادەنرێت، بە تایبەتی شیعری «ئەفسانە» کە تێکستێکی درێژە، یەدوڵڵا ڕوئیایی دوای خوێندنی زمانی فەڕەنسی، ئاشنای شیعری ڤالێری دەبێت و دەکەوێتە

ژێر کاریگەری خەیاڵ و نیگای، پاشان بە شیعرەکانی «سان جۆن پێرس» سەرسام دەبێت.

یەدوڵڵا لەم دیمانەیەدا دەڵێت: «ئێستا ئیدی ژیانی ساڵانی شاعیریم بە زمانی فارسی، پێم دەڵێت کە چ ڕاسپاردەیەکم بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی سەردەمی خۆم هەبێت، هایدگەر دەڵێت: «زمان ماڵی هەبوونە» ، کەواتە هەبوونی شاعیر لەو شوێنەدا دەخورپێ، کە دارو پەردووی ماڵەکەی خۆی بەدەستی خۆی هەڵچنیبێت» .

یەدوڵڵا لەم دیمانەیەدا هاوکات جەخت لەسەر ڕۆڵی کاریگەری خوێنەر، یان خوێنەری وەرگر دەکات لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەقدا، بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی شیعری حەجم، بە پێویستی دەزانم هەندێک داتا و زانیاری تر لە بارەی بەشێک لە بنەماکانی «حەجم» بخەمەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەیش سوود لە لێکۆڵینەوەیەک وەردەگرم بەنێوی «پێشەکییەک بۆ شیعری هاوچەرخی ئێرانی» کە حەمزە کوتی و ئەحمەد ئەلحەیدەری بەیەکەوە بە زمانی عەرەبی نووسیویانە و لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە نووسینەکەم داگرتووە. شیعری حەجم، شیعری تەکعیبی، یان موشور- ١٩٦٠. شیعری حەجم زۆر لە شەشپاڵوو، یان ئاوێزەیەکی شووشەیی دەچێت کاتێک ڕووناکییەک دەیبڕێت بۆ ڕووناکیگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ دابەش دەکرێت، یان ڕووناکیگەلێکی ڕەنگاوڕەنگی لێ دەکەوێتەوە.

لێرەدا تاقە وشەش قەسیدە دەبڕێت، یان دەسمێت بۆ ئەوەی بۆ تاقە وشەی جۆراوجۆر دابەش بێت، کە ئایینده تێیدا حەشار دەدات، نەک لە شتێکی تردا، پەیڕەوکارانی شیعری حەجم بۆ ئەم بەراوردکارییە سوودیان لە بواری زانستی ڕووناکی، یان ڕووناکیناسی و تەنی بەرجەستەی کریستاڵی و موکەعەبی شووشەیی وەرگرتووە، وەک لێکچواندنێک لەگەڵ کردەی نووسینی شیعری حەجم جۆرێک لە بەراوردکارییان ئەنجام داوە کە تاقە وشە لە تێکستدا لە ڕووی دەلالەتەوە بە شکانەوەی تیشک و ڕووناکی چوێنراوە، لە ڕوویەکی دیکەوە شاعیری حەجم لە کردەی شیعر نووسیدا یاری بە زمان دەکات. لە ڕێگەی پاش و پێشخستنی تاقە وشەکان، کار و کارا و بەرکار، هەروەها لە ڕووی بنەمای پێکهاتەی تێکستەوە گرنگی بە ململانێی وێنەیی دەدرێت، هەروەها شەپۆلی شیعری حەجم لە کەشوهەوای پڕ هاتوهاواری ئایدیۆلۆژی و ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان دوور دەکەوێتەوە، دەشێت شاعیری حەجم لەگەڵ مێشەنگێک، یان مێشوولەیەک دیالۆگێک بسازێنێت و تێیدا بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ لە نەهامەتییەکانی واقیع بدوێت، یەدوڵڵا ڕوئیایی بنەمای شیعری تەکعیبی، یان حەجمی دانا و مانیفێستی شیعری حەجمی بڵاوکردەوە، ئەو شاعیرانەی کە مانیفێستەکەیان واژۆ کرد، مانیفێستی «ئسبانسمانتالیزم» بریتی بوون لە، بێژەن ئیلاهی، پەروێز ئیسلام پوور، مەحموود شوجاعی، بەهرام ئەردەبیلی، مەنوچەهر شەیبانی، هۆشەنگ تندرکیا ، فەیرووز ناجی، هەڵبەتە ئەم شەپۆلە شیعرییە و شەپۆلەکانی تریش دوای پەیدابوونی پەخشانی نوێی ئێرانی سەریان هەڵداوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە شەپۆلێکی تری شیعری نوێی ئێرانی بدوێم بەنێوی شیعری زمانی: ئەم شەپۆلە شیعرییە بە ڕێبەرایەتی «ڕەزا بەراهەنی/ ١٩٣٦- تەبریز، ڕەزا بەراهەنی نووسەر و ڕەخنەکاری ئەدەبی و شاعیرێکی چەپڕەوی ئێرانییە و لە بواری ڕۆماننووسیشدا ئەزموونی هەیە، شیعرەکانی بەراهەنی سەرەتا فۆرم و ڕەنگ و بۆی شیعرەکانی نیمایوشیج لەخۆ دەگرن، پاشان شێوە و ستایلی شیعری سپی، دواتر شەپۆلێکی شیعری تایبەت بەشێوازی خۆی دەهێنێتەکایەوە، بە تایبەتی دوای ئاشنابوونی بەهزر و ڕوانین و بۆچوونەکانی هەریەک لە جاک دریدا و ڕۆلان بارت و یاکبسون، دەتوانێت جاڕی شەپۆلی شیعری زمانی بدات.

بەراهەنی لە کتێبی «گوتارێک بۆ پەپوولەکان» کە بریتییە لە دیوانێکی شیعری، تێیدا بانگەشەی گوتارێکی نوێی شیعری دەکات و داوا دەکات بە شێوە و شێوازێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ زماندا بکرێت، کتێبەکە زۆرتر لە مانیفێستێکی شیعری نزیکە تا لە شیعر، ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی گوتارێکی نوێی شیعرییە.

بەراهەنی لە کتێبی «مێژووی نێرسالاری»دا کۆمەڵێک دەقی کۆن و دێرینی ئەدەبی و ڕۆشنبیری شی دەکاتەوە و دەگاتە ئەو بڕوایەی کە مۆرکی نێرسالاری بەسەر ئەدەبیاتی فارسی، یان ئێرانیدا زاڵە، پێی وایە شاعیرەکان هەم لە شیعری جیهانی دابڕاون، هەم لەو ئەزموونە

شیعرییانەی پێش شۆڕشی ئیسلامی، بۆیە هەوڵ دەدات جەستەی شیعری نوێی ئێرانی ببووژێنێتەوە، جا دوای کاریگەربوونی بە کۆمەڵێک ڕەخنەکار و بیرمەندی ئەوروپی، هەوڵی دا نەخشەیەکی نوێ دابنێت و دەقی شیعری، یان چامە لە یاساکانی کۆن و نوێ ڕزگار بکات، بۆ ئەم مەبەستەیش وەک تەکنیکی شیعری زمانی، هەوڵدان بۆ تێکشکاندی بۆند و پێوەندی نێوان کار و کارا و بەرکار، ڕزگارکردنی دەق لە واتای ئایدیۆلۆژی و گەیاندنی واتا بەسەرووی زەمەنی هەتاهەتایی و زمان لە دایکبووی چرکەی شیعرییە، ئەگەرچی زمان بیژووە، بەڵام لە هەمان کاتدا واتا و خودی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، ئەمەیش پابەندە بە چرکەی لە دایکبوونی زمان و شیعرگەراییەوە، ئەم بۆچوونەی بەراهەنی سەبارەت بە بیژوویی زمان، لە بنەڕەتدا ڕوانینێکی ئەفلاتوونییە، بە تایبەتی سەبارەت بە پرسی زمان، ئاخاوتن و نووسین، ئەفلاتوون بڕوای بە ئاخاوتن هەیە، کە خاوەن ئامادەبییەکی ڕاستەوخۆیە و گوتاری لۆگۆس و پەیڤی خوداوەند و عەقڵە، بەڵام نووسین لە باوکی دابڕاوە و بیژووە، جاک دریدا لە کتێبی دەرمانخانەی ئەفلاتوون دا کە «کازم جیهاد» بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە، دریدا لەم کتێبەدا هەوڵ دەدات گوتاری میتافیزیکی خۆرئاوا هەڵبوەشێنێتەوە و بە درێژی لە چەمکی نووسین و پەراوێزخستن دەدوێت، پرسی زمانی «فارماکون» لای ئەفلاتون هەڵدەوەشێنێتەوە کە بریتییە لە دەرمان و چارەسەری ژەهر و ئازار و چارەسەر، دریدا داکۆکی لە کردەی نووسین دەکات و ئاماژە بە کتێبێکی ئەفلاتوون دەدات، کە تێیدا دیالۆگێکە لەنێوان سوکرات و ئەفلاتوون، لێرەدا نامەوێت درێژە بەم بابەتە بدەم، بە پێویستی دەزانم هەندێک بنەمای تری شیعری زمانی بخەمەڕوو کە بەراهەنی جەختی لەسەر دەکات، یاری زمانی، زمان دەتوانێت یاری لەگەڵ سەرجەم پرس و بابەتەکاندا بکات، هەروەها بۆشایی و سپەیسە شیعری و زمانییەکانی نێو دەق، کە بەرێکەوت ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە و ڕووبەرێک خوێنەر لەنێوان وشەکان و کردارەکاندا جێ دەهێڵرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر، یان وەرگر بەپێی خوێندنەوەی خۆی واتاکە تەواو بکات.

مەبەستی بەراهەنی ئەوەیە تێکستی شیعری بە والایی بهێنێتەوە، خوێنەری وەرگر بتوانێت لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەک چەندان دەقی تری لێ بخولقێنێت، چونکە سپەیس و بۆشاییەکان زەینی خوێنەر بەرەو بیرکردنەوە و تێرامان دەبەن.

هەڵبەتە بەراهەنی ئەم بیرۆکە ڕەخنەیی و شیعرییانەی لە بارەی سپەیسی دەقەوە زیاتر لە نووسینەکانی «ڕۆلان بارت» وەرگرتووە، بە تایبەتی لە نووسینی سپی و چێژی دەق و نووسین لە پلەی سفردا، چونکە ڕەزا بەراهەنی پێی وابوو جووڵەی چامە جووڵەیەکی بازنەیی و ئەڵقەییە دەگاتە نەفی زمانی، زۆرکەم لە شاعیرە هاوچەرخەکانی ئێرانی بە تایبەتی گەنجەکان لە ئەزموون و نەخشەکێشانی شیعری زمانی گەیشتن و بە ئاڵۆزی و تەمومژی مایەوە، هەندێکیان نەک هەر ڕوویان تێنەکرد، بەڵکو دژی ئەزموون و پرۆژەکە وەستان، لەبەر ئەوەی پرۆژەکە بە ئاسانی هەرس نەدەکرا، بەڵام خاڵی گرنگ لە دەرکەوتنی هەردوو ئەزموونە شیعرییەکە، واتە شیعری حەجم و شیعری زمانی ئەوەیە کە ڕابەرەکانی هەردوو بزاڤی شیعری یەدوڵڵا ڕوئیایی و ڕەزا بەراهەنی، ئەوسا جەختیان کردووەتە سەر ڕۆڵی کاریگەری خوێنەر، یان خوێنەری وەرگر، لە بواری خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و هەڵوەشاندنەوەی تێکستدا، هەڵبەتە بایەخدان بە ڕۆڵی وەرگر، لە جیهانی ڕەخنە و میتودە نوێکانی ئەوروپیدا دەمێکە باسی لێوە کراوە، بۆ نموونە ژۆژ باتای (١٨٩٧-١٩٦٢) دانەر چرکەکانی خۆی دەنووسێتەوە هەتا شێت نەبێت، دەق هیچ واتایەکی تێدا نییە، ئەوە خوێنەرە واتای پێ دەبەخشێت، ڕۆلان بارت «١٩١٥-١٩٨٠» لە بواری سیمیۆلۆژیا و چێژی دەق و هیدۆنیەت و ڕەخنەی ئازاددا، جەخت لەسەر مەرگی نووسەر «دانەر» دەکات، واتە ئەوە خوێنەرە لە کردەی خوێندنەوەدا دەگاتە چرکەساتێک خۆی دەدۆزێتەوە و مەرگی نووسەر ڕادەگەیەنێت، هەروەها جاک دریدا «١٩٣٠-٢٠٠٤» لە بواری هەڵوەشانەوەگەریدا، سەرجەم هێزەکانی تەئویل و لێکدانەوە دەخاتە پاڵ وەرگرەوە کە دریدا لە کتێبی «نووسین و جیاوازی»دا پێی وایە واتا هەمیشە لە تێکستدا دوادەخرێت و لە پێواری «غیاب»ێکی تەواودا دەژیت و لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا کۆمەڵێک دەلالەتی نوێ و جیاواز

دەدۆزرێتەوە و «دال» بەردەوام لە بزاڤێکی هەتاهەتاییدایە و دالی تر و مەدلوولی تری لێ دەکەوێتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەوە خوێنەری وەرگرە لە ڕێگەی بەشداریکردن و خوێندنەوەوە «دەقی کراوە» دەخولّقێنێت و بەشداری لە کردەی دانان «التألیف» دەکات، دەلالەتی شاراوەی جۆراوجۆر دەدۆزێتەوە، کۆدەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە زمان بەرهەمهێنەری واتایە، خوێنەر هەوڵ دەدات دەق لە دەسەڵاتی دانەر ڕزگار بکات و تا دەگاتە جۆرێک لە ئارامی فەنتازی و خەیاڵی سێکسی و چێژ و خۆشی، دەشێ دەق لە ڕێگەی دەنگی شاراوەی و هەسهەسەی زمانییەوە جۆرێک لە چێژی سێکسی بە وەرگر ببەخشێت، ئەم ڕوانینە لە دەربڕینەکانی «ڕۆلان بارت»ەوە سەرچاوە دەگرێت، یان ئەوەتا خوێنەر لە ئاسۆکانی دەقدا بەدوای ئەو بێدەنگییەدا دەگەڕێت کە پێوەندی بە مردنەوە هەیە، ئەمەیش هەوڵدانە بۆ ئەوەی بگاتە جیهانی «ئۆرفیۆس» وەک چۆن مۆریس بلانشۆ «١٩٠٧- ٢٠٠٣» جەختی لەسەر دەکات، مەبەستم لەم خوێندنەوەیە ئەوەیە ئاخۆ ئەم دوو شاعیرە ئێرانییە کە ئەوسا جەختیان کردووەتە سەر ڕۆڵی کاریگەری خوێنەر- وەرگر- دەبێت بیریان لەو پرد و پێوەندییە کردبێتەوە کە دەق و خوێنەر بەیەک دەگەیەنێت، چونکە ئەگەر کردەی خوێندنەوە بوونی نەبێت، دەق لە ڕەفەکانی کتێبخانەکاندا دەمێنێتەوە و تۆزی لەسەر دەنیشێت، ڕەنگە بەشێکی گرنگی ئەم پرد و پێوەندییە خۆی لە توخمی شیعرگەراییدا بدۆزێتەوە، پاشان لەم توخمە گرنگە دەدوێم، هەر لە بواری خوێنەر و خوێندنەوە و ڕاڤەدا ئەگەر «مارتن هایدگەر «١٨٨٩-١٩٧٦» یان هیرمینوتیکای هایدگەر متمانەی لەسەر تێگەیشتن و تەفسیر کردبێت «هانز جۆرج گادامێر ١٩٠٠-٢٠٠٢» چەمکی سێیەمی بۆ زیاد کرد ئەویش «دیالۆگ»ە، وێڕای بایەخدانی بە ڕەهەندی مێژوویی دەق، گادامێر لە ڕێگەی ڕاڤە و تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی واتا و تواندنەوەی ئاسۆکان و ڕەهەندی مێژووییەوە کاریگەری لەسەر قوتابخانەی کونستانس و هەردوو مامۆستا بەناوبانگەکەی (هانز ڕوبرت یاوس) و «فولفگانگ ئایزەر» بەجێ هێشت و توانییان سوود لە چەمکی ئاسۆی تێگەیشتنی گادامێر وەربگرن، چونکە گادامێر دووبارە بەهای دایەوە مێژوو، یاوس توانی تیوری ئاسۆی چاوەڕوانی لەنێوان وەرگر و دەقدا بێنێتەکایەوە قوتابخانەی، یان زانکۆی «کونستانس»ی ئەڵمانی و ئیستێتیکای وەرگرتن سوودی لە فینۆمینۆلۆژیا و هێرمینوتیکا وەرگرت و ئایزەر پێی وابوو کە دەق کۆمەڵێک بۆشایی تێدایە و پێویستە وەرگر لە ڕێگەی ئاوێتەبوونی بە بنیادی تێکست و بنیادی درککردن و تێگەیشتنەوە بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە.

ئایزر هاوکات تێکستی بۆ سەر دوو جەمسەر دابەش کرد، جەمسەری هونەری پەیوەست کرد بە خودی دانەر و جەمسەری (ئیستێتیکی)یشی بۆ خوێنەری وەرگر جێ هێشت، بەو مەبەستەی کاری ئەدەبی دوای کردەی خوێندنەوە دروست دەبێت، واتە ئەوە خوێنەرە چەمکی ئیستێتیکی بەدەق دەبەخشێت، بەڵام بابەتی درز و کەلێن و بۆشاییەکانی نێودەق کە ئایزەر لە بواری تیوری وەرگرتندا کاری لەسەر کردووە، ئەم بیرۆکەیە لە بنەڕەتدا بۆ «ڕۆمان ئینگاردن ١٨٩٣-١٩٧٠»ی بیرمەندی پۆڵەندی و قوتابی «هۆسرەل» دەگەڕێتەوە، هۆسرەل لە بواری فینۆمینۆلۆژیدا، دەیگوت پێویستە بۆ خودی شتەکان بگەڕێینەوە و شت چۆن لەبەردەم هۆشیاریماندا خۆی دەردەخات، وێڕای جەختکردنی لەسەر هۆشیارییەکی مەبەستدار، ڕۆمان ئینگاردن بایەخی بە ئیستێتیکای فینۆمینۆلۆژی و ئیستێتیکای ئەدەبی و ئۆنتۆلۆژیای هونەری دەدا، ئینگاردن وەک فینۆمینۆلۆژییەکی ئیستێتیکی لە بواری خوێندنەوەی دەقدا پێویستە خۆمان بە هەڵچوون و هۆکارە خودییەکان بە دوور بگرین و ئەرکی گرنگی ئێمە ئەوەیە وەسفی ئەو کیانە بکەین لە ئامادەیی و خۆدەرخستنیدا لەبەردەم هۆشیاریمان، جەختی لەسەر تیورێکی پەتی و بابەتی دەکرد، ڕۆمان ئینگاردن تێکستی بۆ سەر چوارچین دابەش کرد چینی داڕێژراوە دەنگییەکان، چینی یەکەکانی واتا، چینی بابەتە خۆنوێنەکان «لە نواندنەوە هاتووە» چینی دیاردە هێڵکارییەکان، بەڵام فۆرمالیستە ڕووسییەکان لە بواری ڕاڤە و خوێندنەوەی دەقدا کە بایەخیان بە فۆرم دەدا، هەڵی دواندنی ناوەرۆکی دەقیان بە خوێنەر دا کە ئەم فۆرمە بە بۆچوونی خۆی شی بکاتەوە، دەتوانم بڵێم لە دنیای ڕاڤەکاریدا ڕۆڵی خوێنەری وەرگر گرنگی و بایەخێکی زۆری پێی دراوە، ئەوەتا لە جیهانی ڕاڤەدا

سەبارەت بە دەق و کارەکانی دانەر ڕستەیەک هەیە زۆرجار دووبارە دەبێتەوە «دەق تەنیا بە ماچی خوێنەر ژیانی تێدا ناگەڕێت»، بەڵام لای ڕۆمان ئینگاردن دەق لەخۆ دەرخستنیدا گۆشە هێڵکارییەکانی پێشکەش دەکات، چونکە پێی وایە ئێسکە پەیکەری دەق، یان لایەنە هێڵکارییەکانی بۆشایی و سپەیسی سپییان تێدایە و شوێنی بەتاڵن.

ئینگاردن بە قڵێش، یان توخمە دەستنیشان نەکراوەکان ناویان دەبات، ئەوانەن کە لەنێوان دەق و وەرگردا جۆرێک لە نا ڕێککەوتن و ناسازان دروست دەکەن، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئاوێتەبوون و پێوەندیگرتن و ئاڵوگۆڕکردن لە نێوانیاندا، کەواتە ئەو بۆشاییانە هانی خوێنەر دەدەن بۆ بەشداریکردن و بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی مەبەستی دەق، ئایزەر ئەم پڕکردنەوەیە بە زەخیرەی دەق نێوزەد دەکات، ئایزەر لە کتێبی کردەی خوێندنەوەدا ئەم کردەیە بە چالاکییەکی کردەکی و زەینی وەسف دەکات کە بەشداری لە بەرهەمهێنانی واتا دەکات، هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتا لە هێرمنیوتیکای هانز جۆرج گادامێردا خوێنەر بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی واتا کار بە خەیاڵی دەکات، واتە ئەوە خەیاڵە قڵێش و کەلێن و بۆشاییەکانی دەق پڕ دەکاتەوە، ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا لە فینۆمینۆلۆژیای ئینگاردنەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بابەتی چەمکی بۆشاییەکان لەسەر ئاستی ئۆنتۆلۆژی لای «مارتن هایدگەر» بەشێوەیەکی تر باسی لێوە کراوە، بوون هەمیشە بێ بنەڕەت و ناتەواوە، تەواو و کۆ نییە، مرۆڤ هەوڵ دەدات لە ڕێگەی چالاکییەکانییەوە درز و بۆشاییەکانی بوونی پڕ بکاتەوە، بەڵام دواجار مەرگ دێت و سەرجەم بۆشاییەکانی بوونی پڕ دەکاتەوە و بەرەو تەواو کۆیی دەبات، دەشێت هایدگەر لە ڕووی خودی زمان و ڕاڤەوە لە سەرەتادا وێرای هۆسرەل سوودی لە بۆچوونەکانی فەیلەسووفی لاهووتی ئەڵمانی «شلایرماخر ١٧٦٧- ١٨٣٤» وەرگرتبێت، شلایرماخر لە بواری هونەری تێگەیشتندا بە دامەزرێنەری هێرمنیوتیکای گشتی ناودەبرێت، پێی وایە هەموو تێکستێک خۆی لە جەستەیەکی زمانیدا دەنوێنێت و بۆ تێگەیشتن لە هەر گوتە و دەربڕینێکی زمانی بەگشتی و بۆ دۆزینەوەی واتا پێویستە ڕێسای ڕێزمانی بەکاربهێنین، چونکە شلایرماخر وای بۆ دەچێت کە بیرۆکە لەگەڵ بنیادی زمانیدا ئاوێتە دەبێت بۆ پێکهێنانی واتا، لە هەمان کاتدا دەشێ مارتن هایدگەر لە بواری ئۆنتۆلۆژی و ڕاڤە و ڕوانینە زانستییەکانیدا وێرای بۆچوونە فینۆمینۆلۆژییەکانی «هۆسرەل»ی مامۆستای سوودی لە بیرمەند و پزیشکی سایکۆلۆژی ئەڵمانی فلهلم دیلتای «١٨٣٣-١٩١١» وەرگرتبێت.

دیلتای پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی مێژووییە و لەبەر ئەوەی لەنێو زەماندا دەژیت و لە کۆتاییدا بوونی دەستنیشان ناکرێت، تەنیا بە لە دایکبوون و مردن نەبێت، مەبەستم لە خستنەڕووی ئەم هزر و ڕوانین و بۆچوونانە دەربارەی دەق و تێگەیشتن و ڕاڤە دەمەوێت بڵێم، دەق و هزر و تێگەیشتن و ڕاڤە لە درێژبوونەوەیەکی بەردەوامی بێ کۆتایی پرۆسەی «دەقئاوێزان»دا دەژین و هەر بیرمەندێک دێت و لە ڕووی هزر و ڕوانین و دنیابینییەوە تۆزێکی دەخاتە سەر و ڕەنگە مرۆڤیش وەک بوونەوەرێکی لەخۆیایی و داماو بەرهەمی دێرینی هەمان پرۆسەی دەقئاوێزان بێت، بۆیە لەم سەرزەمینە فراوانەدا نە دەقی پەتی بوونی هەیە نە ڕەگەزی پاک، لە ڕووی دەقئاوێزانەوە هزرە فەلسەفییەکانی (فیلهلم دیلتای) وەک دیارترین ڕەخنەکاری هۆشمەندی مێژوویی لە فەلسەفەی هاوچەرخ و خاوەنی فەلسەفەی ژیان و ڕاڤە و زانستی ڕوح و ئەزموونی ژیانی و نێوزەدکردنی مرۆڤ بە بوونەوەرێکی مێژوویی لە جەوهەریدا، کە لەنێو زەماندا دەژیت کاریگەری لەسەر چەندان بیرمەند و تەئویلکاردا بەجێ هێشتووە، لەوانە، شلایرماخر، هۆسرەل، هایدگەر، گادامێر، دیلتای داوای دەکرد هزری ڕاڤەیی لەنێوان فەلسەفە و مێژوودا یەکگرتنێک ڕێک بخات، چونکە دیلتای زانستی مرۆڤ «زانینی ڕوح»ی لە زانستی سرووشتی جیاکردەوە، ئەگەر بۆ هەمان بابەتی پێشوو بگەڕێمەوە و لە بواری ڕاڤە و هەڵوەشانەوەگەریدا لەپێوەندی نێوان «دال و مەدلوول» بدوێم.

«جاک لاکان ١٩٠١-١٩٨١» گەیشتە ئەو بڕوایە و سەلماندی کە پێوەندی نێوان دال و مەدلوول ناجێگیرە، لەبەر ئەوەش واتا دواجار بە ناجێگیری دەمێنێتەوە، پاشان (جاک دریدا ١٩٣٠-٢٠٠٤) لە ڕێگەی چەمکی زمان و جیاوازی و پێوەندی نێوان دالەکانەوە، کە لە

وەرگۆڕانێکی بەردەوامدان گەیشتە ئەو بڕوایە کە واتا هەمیشە بە دواخراوی دەمێنێتەوە، لێرەدا گوتەیەکی «نیتشە»م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت شتێک ون بووە و تا ئەبەد نادۆزرێتەوە، دەشێت مەبەستی نیتشە لە چەمکی واتا بێت، چونکە واتا هەمیشە لەنێوان گەمەی دال و مەدلوول و وەرگۆڕانی دالەکاندا بە ونکراوەیی و دواخراوی دەمێنێتەوە، هەروەها لای «جاک لاکان» زمان چەشنی نەست، یان نائاگایی بنیادنراوە، یان بە شێوازێکی تر ناخودئاگایی شێوەی زمان وەردەگرێت و جەوهەری زمان نائاگاییەکەیەتی و زمان لە هەمان کاتدا لۆژیکی نائاگایی فۆرمۆلە دەکات و نائاگایی چەشنی زمان پێکدێت و لە دیاردەکانیدا دەردەکەوێت، لای لاکان، یان لە دەروونشیکاری لاکاندا خودی وشە گرنگە و بایەخێکی تەواوی پێ دەدات، چونکە نائاگایی بریتییە لە پێکهاتەیەکی زمانی، یان وەک ئەوەی زمانێکی بنیادنراوە، ئەو خۆیەتی لەنێو مرۆڤدا دەدوێت.

بەپێی ئەم بنچینە سایکۆلۆژییە دەکرێت هێماکانی بکرێنەوە، لاکان لە تیوری دەروونشیکاریدا بە درێژی لە چەمکەکانی تەماهی و خەیاڵی و سیمبۆلی و ڕیاڵ و بۆشایی خود و قۆناغی ئاوێنە دەدوێت، لای لاکان نەست، یان نائاگایی کار لەسەر دەلالەت دەکات، چونکە پێکهاتەیەکی تەواوی زمانییە و بنیادە زمانییەکەی بە پلەی یەک لە میتافۆری ئەدەبی دەکات و دەکرێت لە ڕێگەی ئەمەوە هەر دەلالەتێکی تایبەتی ناشایستە بۆ ناوێک بگۆڕدرێت، یان بۆ دەلالەتێکی تر، ئەم پرۆسەی گۆڕانە لە «کینایە» دەکات، چونکە لای لاکان نائاگایی کار لەسەر دەلالەتەکان دەکات نەک ئەو مەدلوولانەی کە زاراوەکان هێمای بۆ دەکەن، لای لاکان قۆناغی ئاوێنە ئەو چرکەساتەیە کە تێیدا منداڵ لە جاری یەکەمدا لەگەڵ وێنەی خۆیدا لە ئاوێنەدا بەرەو تەماهیبوون دەڕوات، وەک پێکهێنەرێک بۆ «من» بەو سیفەتەی شوێنێکە بۆ ناساندنی هەڵە، قۆناغی ئاوێنە درککردنی منداڵە بە خودی خۆی و لە کاتی چوونە نێو جیهانی زمان و هێماکانەوە فۆرمولە دەبێت، مەبەست لە خستنەڕووی بابەتی زمان و نائاگایی، یان نەست، کە لای لاکان «نائاگایی بریتییە لە پێکهاتەیەکی زمان» شیعریش لای هایدگەر زمانە، کەواتە ئەوە نائاگاییە، یان زمانی نەستە کە پرۆسەی شیعر ئەنجام دەدات، یان بە شێوەیەکی تر شیعر بەرهەمی زمانی نائاگاییە، ئێستا هەمیسان بۆ ئەو بابەتانە دەگەڕێمەوە کە لە دەسپێکی ئەم خوێندنەوەیەدا ئاماژەم بۆ کردن، بە تایبەتی خودی وێنە لای شاعیرانی «حەجم» بایەخێکی زۆری پێ دراوە، وێنەی شیعری لە ڕێگەی ململانێ و ناکۆکی وێنەییەوە پێکهاتە و بنیادی تێکست بەرەو پڕی و تەواو کۆیی دەبات، زۆربەی بیرمەند و شاعیرانی جیهان بایەخیان بە چەمکی وێنە داوە «ئەرستۆ» پێی وایە بیرکردنەوە بەبێ وێنە مەحاڵە، «ئیزراپاوەند» لە بزاڤی شیعری وێنەگەراییدا بە قووڵی لە پێوەندی نێوان وینەی شیعری و خودی خەیاڵ دەدوێت، «گاستۆن باشلار ١٨٨٤-١٩٦٢» وای بۆ دەچێت کە شیعر بریتییە لە هێشوویەک وێنە، باشلار لە کتێبی «کڵپەی مۆم- لهب الشمعة» جەخت لەوە دەکات کە خەیاڵ لە بەرهەمهێنانی وێنەدا ڕۆڵێکی خولقێنەر دەبینێت، لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر جەمسەری خەیاڵی و جەمسەری نائاگایی دەکات. کاتی خەودیتوو بە کڵپە قسە بۆ کڵپە دەکات وەک ئەوە وایە قسە لەگەڵ خۆیدا بکات، بۆیە شیعر لای باشلار بۆ خۆی سەرسوڕمانە، ئەگەر تۆزێک لە بوونی زمان ڕامێنین، یەکسەر هەست دەکەین زمان بریتییە لە پێکهاتەیەکی مۆسیقی و وێنەیی، ئێمە کاتێک وشەیەک دەردەبڕین، یان «دال»ێک فڕێ دەدەین بە ڕوانگەی -سوسێر- یەکسەر وێنەیەکی زەینیمان لا دروست دەبێت، وێڕای ئەوەی کە زمان بۆ خۆی شوێنگرەوەی ڕیتم و مۆسیقایە، دەتوانم بڵێم شیعر بۆ خۆی، یان پرۆسەی شیعر بۆ خۆی دەست بردنە بۆ ئەم پێکهاتە وێنەیی و مۆسیقییە، بەڵام ئەم دەست بردنە چۆن دەکەوێتە جیهانی شیعرگەراییەوە، بەرلەوەی لە چەمکی شیعرگەرایی بدوێم دەمەوێت ئاماژەیەک بۆ «کڕاکە»ی ڕەزا عەلی پوور بدەم، ئاخۆ منی شیعر کە لە بنەڕەتدا خودێکی مەعریفییە و لای ڕەزا عەلی پوور چۆن بە زمانی نەست و نائاگایی هابیتوس و باکگراوند و تێڕامان و ڕوانین و دنیابینییەکانی دەنووسێتەوە و چەمکی شیعرگەرایی لە درز و بۆشاییە سپییەکان و مەودای شڵەژاوی دەقدا هانی وەرگر دەدات دەلالەت بیبات و واتای جیاواز جیاواز بە تێکست

ببەخشێت، چونکە بەپێی ڕوانینی «ئایزەر» بۆ تێکست، کە دابەشی سەر دوو جەمسەری دەکات، دەشێ بەشێکی ڕەگەزی شیعرگەرایی لە جەمسەری هونەریدا نیشتەجێ بێت وەک دەقێکی زیندوو، یان دەقی والا کە لە دەقی ڕووکەش و مردووی وەک ڕاپۆرتەکانی دنیای ڕۆژنامەگەری، یان وەک پۆلێنکردنێکی «هایدگەر»ی کە لە جیهانی شیعری «هێلدرلین»دا دەقی بلیمەت لە ڕووکەش جیا دەکاتەوە، بەڵام ئایزەر بەشە گرنگەکەی شیعرگەرایی دەخاتە پاڵ وەرگرەوە، مەبەستم جەمسەری ئیستێتیکییە، کە خوێنەر لەم جەمسەرەوە مامەڵە لەگەڵ تێکست دەکات و واتا و شیعرگەرایی و ئیستێتیکای پێ دەبەخشێت لەوەیە لەم شوێنەوە بانگەشەی مەرگی نووسەر «دانەر» ڕابگەیەنێت و بەوپەڕی ئازادییەوە مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکات و حەز و چێژ و ئارەزووەکانی خۆی بنووسێتەوە. دەکرێت چەمکی شیعرگەرایی بەو هێزە زمانییە نادیارە بچوێنرێت کە لە پانتایی دەقدا دەگەڕێت و ماڵێکی تایبەت بەخۆی نییە، بەڵکو سەراپای زمانی دەق بە ماڵی خۆی دەزانێت.

شیعرگەرایی جوولەیەکی نادیاری زمانییە لای جان کوهین ١٩١٩-١٩٩٤، لە لادان و هەڵخزانی زمانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کوهین لە کتێبی «بنیادی زمانی شیعردا» لە ڕێگەی کۆمەڵێک دوالیزمەوە لە هەڵخزانی شیعری دەدوێت، یەکێک لەم دوالیزمانە بزاڤی فۆنەتیکی و سیمانتیکییە لەنێو تێکستدا، لێرەدا هەڵخزانی شیعری و زمانی سەبارەت بە پێودانگی باوی زمانی دەستنیشان دەکات، واتە ڕێژەی لادان و هەڵخزانەکان، هەندێک لە ڕەخنەکاران ئەم هەڵخزانە شیعرییەی کوهین کە پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی توخمی شیعرگەراییەوە، پابەندی شێواز و چۆنیەتی دەربڕین دەکەن، هەندێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە لێی دەڕوانن، دەشێت ڕەگەزی شیعرگەرایی لە پانتایی تێکستدا بە تاڵە تیشکێکی خێرای زمانی بچوێنین کە لە شەوی جەستەی شیعر و واتادا دەگەڕێت و پنتگەلێک ڕووناک دەکاتەوە و تێدەپەڕێت و هەرگیز دەستگیر نابێت، کەواتە ئەوە توخمی شیعرگەراییە کە شیعر لە ناشیعر جیادەکاتەوە، هەڵبەتە بەشەکەی تری ئەم توخمە دەکەوێتە لای وەرگرەوە، ڕەنگە لای خوێنەر کەشی جێگیری دەروونی و دڵخۆشی و هەڵچوونی ئیستێتیکی و خەیاڵی سێکسی...تاد، هەریەک لەم حاڵەتانە لە کردەی خوێندنەوەدا کاریگەری خۆی هەبێت، لە هەمان کاتدا مەرج نییە هەموو لادان و هەڵخزانێکی زمانی شیعرگەرایی بەرهەم بهێنێت.

چونکە شیعرگەرایی لەگەڵ داڕژان و دەستپێشخەری زمانیدا لە دایک دەبێت، ئەم حاڵەتەش لە جیهانی نووسیندا پێوەندی بە نائاگایی و زمانی نەستەوە هەیە، وەک پێشتر لای «لاکان» لە بنیادی زمان و نائاگایی دواین، لێرەدا پێم باشە دوو نموونە لەسەر کەشی نووسین بخەمەڕوو، بە تایبەتی ئەو چرکەساتانەی سووژە نوقمی جیهانی شیعر نووسین دەبێت و چۆن دەکەوێتە حاڵەتی گوزارشت و دەربڕینی زمانی، «گاستون باشلار ١٨٨٤-١٩٦٢» لە کتێبی «کلێپەی مۆم»دا لە سووژەی یەکانگیری خەڵوەتنشینێک، یان مرۆڤێکی یەکانگیری یەکتاگیر دەدوێت کە ئاماژەیە بۆ سووژەی شاعیر، چاوی بڕیوەتە کلێپەی مۆمەکە و لە ڕێگەی تێڕامانەوە بەدوای شیعرگەرایی بوون و جیهاندا دەگەڕێت، لای باشلار شیعرگەرایی شوێن بابەتێکی گرنگە، یەکتاگیرە کە بەهۆی بەهێزکردنی هۆشمەندی و خەیاڵ و تێڕامانەوە دەیەوێت بگاتە سەروو مادده و ڕووەو جیهانێکی هیولی بڕوات و لە ڕێگەی ئۆنتۆلۆژیای خەیاڵ و کیمیای خەونەوە بگاتە هۆشمەندی گەردوونی، کلێپەی مۆمەکە لە بەرچاویدا ڕستێک وێنەی جۆراوجۆر دەخاتە ڕوو، خەیاڵ لای باشلار لەنوێوە لە قووڵایی وێنەی شیعرییەوە هەڵدەقووڵێت و یەکتاگیرە خەودیتووەکە لە وێنەدا، بەرهەمێکی پەتی و خەیاڵی ڕەها دەدۆزێتەوە، لێرەدا باشلار کار لەسەر جەمسەری خەیاڵی و جەمسەری نائاگایی دەکات، کاتێک خەودیتووە یەکتاگیرەکە، یان خەو بە کلێپە دیتووەکە بۆ کلێپەی مۆمەکە دەدوێت، ئەوی ڕاستی بێت، ئەو بۆ خودی خۆی دەدوێت، ئەم دیمەنە لای باشلار دیمەنی شاعیرێکە، یان خەودیتوویەکە کە هەوڵی فراوانکردنی زمان و جیهان دەدات و لە ڕێگەی تێڕامانی لە چارەنووسی کلێپەکەوە گوزارشت لە جوانییەکانی جیهان دەکات، باشلار لەم بابەتەدا هاوکات لە زیندەخەو و بنەمای نێرینەیی (ئەنیموس) و بنەمای مێینەی «ئەنیما» سەبارەت بە جیهان دەدوێت، پێی وایە بڕێک لە خەون لە «ئەنیموس»دا هەیە، بڕێکی زۆر گەورەتر لە زیندەخەو.

ئەنیما، لەم کەشەدا، گیانی بیرکەرەوەی شاعیر، یان خەو دیتوو کاتی لەلا قووڵ دەبێت و یادەوەری و وێنەکان بە یەک دەگەن و لەگەڵ یادگەدا پەی بە توانەوەی خەیاڵ دەبات، دەشێت باشلار لەم نووسینەدا بیرۆکەی هەستی «ئەنیما و ئەنیموس»ی لە [کارل گۆستاف یۆنگ ١٨٧٥-١٩٦١» وەرگرتبێت، یۆنگ پێی وایە وێنەی ڕوح لای ئافرەت خۆی نێرینەیە «ئەنیموس، وێنەی ڕوح لای پیاودا مێینەیە، ئەنیما» و مرۆڤ خاوەن ڕەگەزی نەیبە و ئافرەت لە ناخیدا خاوەن هەستێکی نێرینەیە «ئەنیموس»، ئەمەیش مەیلکردنە بۆ پیاو بەشێوەیەک لەگەڵ ئەو ئەنیموسەی خود و ناوەوەیدا دەسازێت، پیاویش بە هەمان شێوە لە ناوەوەیدا خاوەن ئەنیمایە و مەیلی بۆ ئەو مێینەی دەچێت کە جۆرێک لە هاوسەنگی لە ناخیدا لەگەڵ وێنەکەیدا جێبەجێ دەکات بەم شێوەیە ژن و پیاو لە یەک دەگەن، بەڵام باشلار بڕی زۆرتری شیعرگەرایی بە ئەنیماوە پەیوەست دەکات، واتە شیعرگەرایی بڕی زۆرتر ڕەگەزی مێینەیی لەخۆ دەگرێت، کردەی شیعر و شیعرگەرایی لەلای هەر شاعیر و بیرمەندێک بەشێوە و شێوازێکی جیاواز باسی لێوە دەکرێت، لای «پۆل ڤالێری ١٨٧١-١٩٤٥» شاعیر لەنێو مێشکی، یان زەینیدا ڕستە دروست دەکات نەک وشە، بەڵام «ژیل دۆلۆز ١٩٢٥-١٩٩٥» لە کۆڕێکدا لە بارەی داهێنان دەدوێت و تۆمارکراوە و لە (یوتوب)دا هەیە، دۆلۆز لە چەندان بواری هونەری و ئەدەبی دەدوێت و هەڵبەت لای دۆلۆز فەلسەفە زۆرتر خوڵقاندنی چەمکەکانە، پێی وایە کردەی هونەری و ئەدەبی سەرەتا لە هزر و بیرۆکەوە سەرهەڵدەدات، ئەم ڕوانینەی دۆلۆز لە هزر و ئۆنتۆلۆژیای هایدگەرەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە لای هایدگەر شیعر جۆرێکە لەبیرکردنەوە، واتە زمانە، دواتر دۆلۆز جەخت لەسەر هەڵدانی کیتلە= یان بارستایی دەکات، بۆ نموونە شێوەکار و هەڵدانی هێڵی ڕەنگەکان کە ڕووداو دروست دەکات.

سینەما بە هەمان شێوە لە ڕێگەی هزر، یان بیرۆکەوە بارستایی جووڵەکان و مەودای کات و شوێن و گێڕانەوەکان، ڕووداوێکی ناوازە دەخوڵقێنن، واتە لای دۆلۆز، هونەرمەند، یان ئەدیب بارستایی گەلێک لە هەڵچوون و هەست و درکپێکراوەکان دادەهێنێت لە ڕێگەی ئەو ماددانەی کە هونەرەکەی لێی فۆرمۆلە دەبێت، لای دۆلۆز ئیحساس، یان هەست گرنگە، ئەوە هەستە کە ماددەکان ڕەنگرێژ و ڕەنگاوڕەنگ دەکات، بواری، یان کردەی شیعریش بە هەمان ڕێچکەدا تێدەپەڕێت، هزر و بیرۆکە و هەڵدانی کیتلەی زمانی و خوڵقاندنی ڕووداو، بەڵام ڕووداو وێنەگەلێکی هزری دەنەخشێنێت و هەڵبەتە کیتلەی زمانی لە بواری شیعردا لە ڕێگەی هەستەوە بارگاوی کراوە و ڕووداویش هەڵگری کۆمەڵێک وێناکردن و دنیابینییە، بەڵام دۆلۆز هەمیسان لە پاراستنی کاری هونەریدا سوود لە بۆچوونەکانی هایدگەر وەردەگرێت، کاری هونەری دوای بەرهەمهێنانی دەمێنێتەوە و لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە پارێزگاری لێ دەکرێت، نەک خودی هونەرمەندەکە، کەسێکی تر کە بە بینینی دووچاری سەرسوڕمان دێت، بە تایبەتی کاتێک چاوی بە نائاساییەک دەکەوێت لە ئاساییەکدا، یان کاتێک ڕووداوی حەقیقەتێک لە کارێکی هونەریدا دەدۆزێتەوە، هایدگەر پێی وایە کاری هونەری بوونێکی سەربەخۆی هەیە لەوەی کە دایهێناوە و لەویش کە دەیبینێت، واتە کاری هونەری بنیادێکی سەربەخۆی ئۆنتۆلۆژییە، بۆیە هایدگەر لە کتێبی (ئەسڵی کاری هونەریدا) بەشێوەی ڕووداوێک کار لەسەر تابلۆی پێڵاوەکەی ڤان کوخ دەکات و بە زەوییەوە دەیلکێنێت، کەواتە هەمیشە لەنێوان دەق و خوێنەردا پێوەندییەکی بەهێز هەیە، پێوەندییەک لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان دامەزراوە، چونکە وەک گوتم شیعرگەرایی ئەو هێزە زمانییە نادیارەیە کە لەپانتایی دەقدا لە میانی تۆڕە پەیوەندییەکانی واژە و ڕیتم و هەڵخزانی دەلالی و پێکهاتە و بنیادە ناوەکییەکانی دەق و دیار و نادیار و ئامادەیی و پێوار، یان لەمیانی هێمایینی یاریکردن بە وشە و زماندا دەگەڕێت لەبەر ئەوەی شیعر دەقێکی والایە و والاییەکی بێ کۆتایی تێدایە، وەرگر لە هەر خوێندنەوەیەکدا بەشێک لە شیعرگەرایی دەدۆزێتەوە، ئەم بابەتەی سەرەوە پێوەندی بە بۆچوون و ڕوانینی «کەمال ئەبو دیب»ەوە هەیە کە لە نووسینێکدا بەناوی شیعرگەرایی و بۆشایی، جەخت لەسەر «مەودای شڵەژاو» دەکات، بەڵام من پێم وایە کەمال ئەبوو دیب لەسەر هەمان بیرۆکەی ئینگاردن و ئایزەر کاردەکات، کە بڕوایان وایە

دەق هەڵگری کۆمەڵێک بۆشاییە، بۆشایی سپی، ئەوە خوێنەرە ئەم بۆشایی و مەودا شڵەژاوانە پڕ دەکاتەوە کە لێوانلێون لە ڕەگەز و توخمی شیعرگەرایی، لەبەر ئەوەی ئەم بۆشاییانە هانی خوێنەر دەدەن.

بۆ زیاتر تێڕامان و بیرکردنەوە و بەدواداگەڕان کە لە بنەڕەتدا پێوەندی بە توانەوەی ئاسۆکانەوە هەیە لای «گادامێر»، یان ئاسۆی چاوەڕوانی لای «یاوس» و «ئایزەر».

جاک دریدا لە ساڵی هەشتاکاندا لە کۆڕێکی گادامێردا سەبارەت بە تواندنەوەی ئاسۆکان، بەشداری دەکات و دژی گریمانە و زانینی پێشوەخت و ئامادەیی مانا دەوەستێت، دریدا پێی وایە ئەوە بەدحاڵیبوونە هانی وەرگر دەدات لە بواری تەئویل و تەئویلکاریدا بەدواداچوون بکات نەک سازان، چونکە لای دریدا «دال» لە «مەدلوول» و واتای جێگیر و دیاریکراودا پچڕاوە و بەوپەڕی ئازادییەوە نوقم دەبێت و دووبارە سەرهەڵدەداتەوە، واتە دالەکان لە جووڵە و گۆڕان و وەرگێڕانی بەردەوامدان، بۆیە لای دریدا واتا تا هەتایە دواخراوە، بۆیە چەمکی ئامادەیی ڕەت دەکاتەوە، چونکە لە ئامادەیی «ئاخاوتن»ی تیوری ئەفلاتوونەوە سەرچاوەی گرتووە، دریدا جەخت لەسەر کردەی نووسین دەکات، نووسین وەک پانتاییەکی کراوە هەمیشە شیاوە یارییەکانی هەڵوەشانەوەگەرایی ئاراستەی بکرێت، دەشێ چەمکی بەدحاڵیبوون، کە دریدا لە بواری ڕاڤە و هەڵوەشانەوەگەراییدا جەختی لەسەر دەکات لە بۆچوونەکەی «ئینگاردن»ەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵام شیعرگەرایی پۆست مۆدێرنە، یان شیعری پۆست مۆدێرنە وەک ڕوانین و دنیابینی لە نیهیلستی «نیتشە» و ئۆنتۆلۆژی «هایدگەر»ەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها لە هزر و گۆشەنیگا و جیهانبینییەکانی بیرمەندەکانی پۆست مۆدێرن لەوانە «دۆلۆز» و «لیوتار»، بۆیە شاعیری پۆست مۆدێرنە گومان و نیگەرانییەکانی خۆی دەنووسێتەوە و پێی وایە لە جیهاندا هیچ ڕاستییەک بوونی نییە، ئاخر «مرۆڤ خاوەن بوونێکی مێژوویی و ڕێژەییە، توانستی درککردنی حەقیقەتی ڕەهای نییە» یان بوونەوەرێکە خاوەن بوونێکی بێ بنەڕەتی پووچ و بەتاڵ، چرکەیەک بەرێوەیە تێیدا لەنێو دەچێت، بۆیە شاعیرانی پۆست مۆدێرن لە ڕێگەی پارادۆکس و هاودژییەوە لە دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی و گێڕانەوە گەورەکان دەدەن، بەدوای ئازادییەکانی تاکدا دەگەڕێن، بۆیە شیعرگەرایی پۆست مۆدێرن، دەرچوونە لە چوارچێوەی باو و ئاسایی، کارکردنە لەسەر پنتەکانی سەرسامی و نامۆیی و گومڕایی، شیعر چۆن لە ڕێگەی میتافۆرمەوە، جیاوازی و ناکۆک و ناشیاوەکان دەخاتەڕوو، پۆست مۆدێرن زۆرتر کار لەسەر جوانی جەستە دەکات، جەستەیەک کە لە سەردەمی «قدیس ئۆگستین»ەوە فەرامۆش کراوە و ڕوح شوێنی گرتووەتەوە، بۆیە جەستە لای پۆست مۆدێرنەکان شوێنگەی جوانی و ئیرۆتیکایە، شاعیری پۆست مۆدێرن بەبێ باکی لە چێژی جەستە و پۆرنۆگرافیا و ئیرۆتیکا دەدوێت و پێوەندی خوێنەر و چێژی جەستەیی دەق، هاوکات خوێنەر، یان وەرگر لەلای ڕەخنەکارە بیرمەندەکان پۆلێن دەکرێت، جۆرەکانی خوێنەر بەپێی ئاستی مەعریفی و چۆنیەتی بیرکردنەوە، لای «ڕۆلان بارت» خوێنەری «هیدۆنی»- شەهوەتی، لبیدوی، لای ئیمبرتۆ ئیکۆ خوێنەری «نموونەیی» کە پێویستە بە وێستگە مەعریفییەکانی دانەردا تێپەڕبووبێت، ئایزەر خوێنەری ناوەکی، وولف خوێنەری چاودێر، میشال ڕیڤاتیر خوێنەری سەرکەوتوو، بارت وێڕای هیدۆنیەتی خوێنەر پێی وایە وەرگر «بريء» نییە، واتە نە بێگەرد و نا پاک، نە پیس، لای بیرمەندەکانی جیهانی ڕاڤە چەندان جۆری تر لە خوێنەر دەستنیشان کراوە، وەک خوێنەری گریمانەکراوە، خوێنەری گشتی و واقیعی و ئایدیۆلۆژی، بەڵام گرنگ ئەو پێوەندییە چالاکەیە کە لەنێوان دەق و وەرگردا هەیە، ئەگەر تێکست نەخوێنرێتەوە، هەڵبەتە لە ڕەفەکانی کتێبخانەدا دەمێنێتەوە و تۆزی لەسەر دەنیشێت، لێرەدا بەرلەوەی ڕوو لە جیهانی شیعری «کراکە»ی ڕەزا عەلی پوور بکەم- پێم باشە بڵێم نووسین خۆی لەخۆیدا کردەیەکی «دەقئاوێزان»ە، لەبەر ئەوەی دانەر خوێنەرێکی کارا و چالاکە و بەردەوام لە کانیاوە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە دەنۆشێت. ئەم حاڵەتەش پێوەندی بە جوانی و دنیابینی و ژیان و ژیانکردنەوە هەیە، کەواتە (لەسەر ڕووی ئەم جیهانە نە دەقێکی پەتی هەیە، نە ڕەگەزێکی پاک و بێگەردی مرۆیی)، دەتوانم بڵێم هەر تێکستێک لە ڕێگەی فۆرم و بنیادی جیاوازەوە هەڵگری پرشنگگەلێکی تێکستەکانی پێش

خۆیەتی، هەتا لەم نووسینەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن هزر و بیرکردنەوەکانی «دیلتای» لەلای «هایدگەر» بە فۆرم و بنیادێکی جیاواز گوزارشتی لێ دەکرێت، یان هزر و بۆچوونەکانی «ئینگاردن» لەلای هەریەک لە ئایزەر و جاک دریدا، یان ئەو بایەخ و گرنگییەی کە لەلای یەدوڵڵا ڕوئیایی بە خودی تاقە وشە دەدرێت، لە بنەڕەتدا «ستیفان مالارمیە»ی شاعیری هێمایینی فەرەنسی، ئەم گرنگییەی بە تاقە وشە داوە و لە ڕستە و دەستەواژە شیعرییەکاندا هەوڵی داوە جۆرێک لە لێکخشاندن لەنێوان پێوەندی وشەکاندا بسازێنێت، هەم لە ڕووی ڕیتمەوە هەم وەک بلاچ و درەوشانەوە، بەلێک نزیکردنەوەی هاودژییەکانی وەک، سارد و گەرم، تاریکی و ڕووناکی.

لەم خوێندنەوەی «کڕاکە»ی ڕەزا عەلی پوور ناتوانم بە قووڵی ئاوڕ لە ئەزموونی نوێی شیعری ڕۆژهەلاتی کوردستان بدەمەوە، چونکە بایی ئەوەندە داتا و زانیاری و تێکستم لەبەردەستدا نییە، بە تایبەتی ئەزموون و تێکستەکانی دوای هەوڵە شیعرییە نوێکانی سوارەی ئیلخانی زادە و شیعرەکانی مارف ئاغایی و ژیلاحسێنی و جەلال مەلەکشا، پاشان ئیبراهیم ئەحمەد نیا، کامبیزی کەریمی، بەلام بەپێی توانایی لە ڕێگەی فەیس بووک و چەند کتێب و سەرچاوەیەک لێرە و لەوێ ئاشنایەتیم لەگەڵ هەندێک دەقی شاعیرانی ڕۆژهەلات پەیداکردووە، دەتوانم لە بارەی بەرهەم و بەخششەکانیانەوە شتێک بڵێم، چونکە کۆمەڵێک دەنگ و شاعیری خاوەن توانست هەن کە خاوەن ئەزموون و ستایلی تایبەت بە خۆیانن، لەوانە پەرویز زەبیح غولامی کە بە شێوازێکی تایبەت و جیاواز گوزارشت لە بوون و مەرگ و جوانی دەکات، حەمە ساڵح سووزەنی لە شیعرەکانیدا سوودی لە تەکنیکەکانی فۆرمالیستەکانی ڕووس و هزری هەڵوەشانەوەگەرایی وەرگرتووە و خاوەن جیهان و ستایلی خۆیەتی، یوونس ڕەزایی خاوەن ستایل و جیهانێکی تایبەتمەندی شیعرییە، فەرەیدوون ئەرشەدی لە نامەکانی غوربەتدا شیعرە ناسکەکانی دیار و بەرچاون، ئەنوەر عەرەب و شیعر و گێڕانەوە جوانەکانی، لە هەمان کاتدا هەوڵە شیعرییە جوانەکانی هەریەک لە قاسم تاباک و شوعەیب میرزایی و یوونس حسێنی. من لە داوەری شیعری ڕۆژهەلاتدا ئاشنایەتیم لەگەڵ بەرهەمەکانی دوو دەنگی گەنجی شیعری پەیدا کرد بە ڕاستی جێگەی ئومێدن، «بەهمەن حەبیبی» زۆر بە وردی و ئیستێتیکی کاری لە دەقی «پەیکەر»دا کردبوو، هەروەها خاتوو «ئەسمەر ئیبراهیمی» شیعرەکانی هەمیشە مۆسیقای غەریزی و خۆڕسکیان لێ دەرژێت. بێ گومان لە ڕۆژهەلات کۆمەڵێک هەوڵ و دەنگ و ئەزموونی نوێی شیعری هەن، دەشێت من ئاگاداری سەرجەم هەوڵەکان نەبم و داتا و زانیاریم لە بارەیانەوە نەبێت، هەروەها شیعرە جوانەکانی «بەهار حسێنی» کاتی خۆی خوێندنەوەیەکم بۆ کتێبێکی کرد و لە گۆڤاری ڕامان بلاوکرایەوە.

خستنەڕووی ئەم زانیارییە دەربارەی شیعری نوێی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە بە شێوازێکی بروسکەیی ئاماژەم بۆ کردن، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کارکردنم لەسەر دەقی «کڕاکە» دەستنیشانکردنی دەنگێکە لە شیعری ڕۆژهەلات، دەشێت منی شیعری لای ڕەزا عەلی پوور زۆرتر سوودی لە هزر و تەکنیک و زمانی شارستانی و دنیابینییەکانی ئەزموونی نوێی شیعری فارسی و جیهانی وەرگرتبێت، بە تایبەتی لە شەپۆلی شیعری حەجم و زمانی و وێنە و تەکنیکەکانی دادایی و سووریالیزم و...تاد مەبەستم ئەوەیە بڵێم شیعر، یان کردەی نووسین هەمیشە لە بازنەی «دەقئاوێزان»دا دەخولێتەوە، لەبەر ئەوەی نووسەر بەرلەوەی دانەر بێت، خوێنەرێکی چالاک و کارایە و سووژەش لە گۆڕان و گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، کاریگەری حاڵەتێکی ئاساییە، بەلام گرنگ ئەوەیە منی شیعر چۆن دەتوانێت دەقێک بە فۆرم و بنیاد و دنیابینی و زەینییەت و خەیاڵگەیەکی جیاواز بخولقێنێت، ئەوەتە یەدوڵڵا ڕوئیای لە دیمانەیەکدا لە شیعردا جەخت لەسەر وەلانانی «ڕەوانبێژی» دەکات، کەچی «پۆل ڤیرلێن ١٨٤٤-١٨٩٦» چەندان ساڵ بەر لە ئێستا گوتوویەتی پشت ملی ڕەوانبێژی دەگرم و لە شیعر وەدەری دەنێم.